**بۆ بەڕێز: لیژنەی یاسایی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.**

**بۆ بەڕێز: لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمان**

**بۆ بەڕێز: لیژنەی یاسایی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بابەت: یادداشت**

**بەڕێزان:**

**لەدوای کۆنگرەی یەکبوونی (ی.هـ.ك)و (س.هـ.ك) لەهەولێر لەڕۆژانی (20و 2006/9/21) ...**

**ئێمە دەستەیەك لە هونەرمەندانی نارازی دوای زنجیرەیەك لە چالاکی و خۆپیشاندان لە مانگی تشرینی یەکەم ی 2006 دا و هەتا ئەم ساتەوەختە وەك شێوازێکی دیموکراتیانە و مەدەنیانە لە پێناو خولقاندنی زەمینەیەك بۆ ڕیفۆرم و گۆڕین وەك ئامانجێکی سەرەکی وە هەوڵدان بۆ گەیاندنی پەیامی نارەزایی خۆمان بەرامبەر بە دامەزراندنی نایاسایی و ناشەرعی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان کە داواکارین لە بەڕێزتان لە ئاستی لێپرسراوێتی مەدەنی و ڕۆشنبیری خۆتانەوە لێپێچینەوەی یاسایی بەرامبەر بەم ڕێکخراوە بکەن بە پێی لای خوارەوە:-**

1. **نارازین بەرامبەر شێواز و میکانیزمی کۆنگرەی یەکبوونی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لەڕۆژانی (20و2006/9/21) لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:-**
   a. **گۆنگرە نا شەرعییە بە پێی ماددەی 13 ی پەیڕەوپڕۆگرامی (ی.هـ.ك) ە و دژی پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکاشە بە پێی ماددەی 6 چونکە ئەم کۆنگرەیە بە تەوافق بووە بەبێ ڕەچاوکردنی پەیڕەوپڕۆگرامی هەردوو ڕێکخراوی پێشوو وە پێشێلکردنی مافی ئەندامان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆنگرە لە سنووری کۆنفرانسی شار و شارۆچکەکان و پالاوتنی ئەندامان بە دەنگدانی ئازاد بۆ کۆنگرە. میکانیزمی هەڵبژاردنی 190 ئەندام بە ڕێژەی یەکسانی 75 ئەندام لە هەردوولا لە پاڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی بالای هەردوو ڕێکخراو – میکانیزمێکی نادیموکراتیە و بەکارهێنانی دەسەلاتە بۆ زیندووکردنەوەی کەڵچەرە دیکتاتۆریەکان.**
   b. **دروستبوونی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان نا شەرعییەو نایاساییە چونکە کۆنگرەی هەولێری هەردوو ڕێکخراو نایاسایییە و سەرجەم بڕیارەکانی پووچەڵ و ناشەرعین.**

2. **ڕەشنووسی پڕۆژەی یاسای هونەرمەندان کە بەرزکراوەتەوە بۆ پەرلەمان ڕەتدەکەینەوە و داواکارین کە کارکردن بۆ بە یاسایی کردنی ئەم ڕەشنووسە ڕابگیرێت بەهۆی ئەمانەی لای خوارەوە:-**
   a. **پڕۆژە یاسای هونەرمەندان – داواکاری گروپێکە لە هونەرمەندانی کوردستان کە نوێنەرایەتی هەموو هونەرمەندانی کوردستان ناکەن و بەرهەمی کۆنگرەیەکی نایاسایشە.**
   b. **ئەم یاسایە پێویستە لە سنووری یاسای ڕێکخراوە نا حکومییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا جێبەجێبکرێت و پەسەند بکرێت نەك وەك یاسایەکی گشتی بۆ هونەرمەندان لە سنووری یاساکانی دەوڵەت یان دەستووردا.**
   c. **ڕەشنووسی ناوبراو بێسیستمە و ئالۆزە ئەویش بە تێکەلاوکردنی هەردوو سیستمە کۆنەکەی هەردوو ڕێکخراوی پێشووی (ی.هـ.ك) و (سەندیکای هونەرمەندان) بە تەوافق و سوودوەرنەگرتن لە مۆدێلەکانی ڕێکخراوە هونەرییە مۆدێرنەکان لە جیهان و ناوچەکەدا.**

d. ئەم یاسایە داکۆکیکردن و جەغدکرنەوەیە لە دروستبوونەوەی یاسایەکی تۆلیتاری بۆ کوشتنی داهێنان و ئازادی هونەرمەندان وەکو لە ماددەی 10 و 30 پرۆژەی ناوبراودا ئاماژەی بۆکراوە , کە ئەمەش دژ بە پرنسیپەکانی ئازادی و مافی مرۆڤن لە سنووری یاساکانی هەرێمدا.

e. ئەم پرۆژە یاسایە ئەرکە هونەری و پیشەییەکانی هونەرمەندانی لە یەك یاسادا گرێداوە بەبێ ڕەچاوکردنی هەردوو تایبە تمەندێتی لە ڕووی کارگێڕی و هونەرییەوە وە فەرامۆشکردنی پسپۆڕی و لایەنی تەکنۆ – کارگێڕی بۆ هەرلایەنێك – کە ڕێکخراوێك بەو شێوازە پێویستی بە دوو بۆردی پسپۆر هەیە تا ئەرکە هونەری و سەندیکاییەکان فەراهەم بکات.

f. چەواشەکردنی پەرلەمان و هونەرمەندان و رایگشتی بەوەی کە ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی پیشەیی – هونەرییە – کە ئەمەش سەلماندنی تۆتالیتاریەت و دابەشنەکردن و ئالۆزکردنی تایبە تمەندێتیەکانە.

داواکارییەکان:-

1. هەڵوەشاندنەوەی گۆنگرەی یەکبوونی هەردوو ڕێکخراو وە کارنەکردن بە ئە نجام و پێشنیارەکانی لە بەرئەوەی ناشەرعی و نایاساییە.
2. ڕاگرتنی ( پرۆژەی یاسای هونەرمەندان ) ی پێشنیارکراو بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان , لە بەرهۆکارەکانی لای سەرەوە.
3. بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بۆ هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان بە چاودێری لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری و یاسایی پەرلەمان و وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو هەڵبژاردنی دەستەیەکی هەڵبژێردراو وە یاسایی بۆ ڕێکخراوێکی نوێ وە پێشکەشکردنی سیستمێکی یاسایی بە ناوەندە پەیوەندیدارەکان.
4. دروستکردنی لیژنەیەکی پسپۆڕی لە هەموو بوارەکانی هونەردا بۆ کارکردن لە پێناو بەرهەمهێنانی سیستمێکی مۆدێرن بۆ ڕێکخراوێکی هونەری بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونە پێشکەووتوەکانی جیهان و بە میکانیزمی وەرشەیەکی کار و کۆکردنەوەی پێشنیاری هونەرمەندانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان.
5. بەستنەوەی هەر ڕێکخراوێکی هونەری پێشنیارکراو دوای جێبەجێکردنی بڕگەی ( 3 ) ی ئەم داواکارییە بە یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە.
6. سەرجەم بڕگەکانی ناو ڕەشنووسی پرۆژە یاسای هونەرمەندان بخرێتەوە ژێر ڕکێفی سەندیکاو ڕێکخراوە هونەرییەکان وە ببێت بەبەشێك لەدەسەڵاتی کۆنگرەکانی ئەو ڕێکخراوو سەندیکایانە کە بەشێوەی پەیڕەوی ناوخۆ دایدەڕێژن چونکە کاری هونەری بابەتێکە پەیوەستە بەهونەرمەندان خۆیانەوە نەك پەرلەمان و شوێنە ڕەسمیەکان.

لە گەڵ ڕێزو ستایشمان بۆ ڕۆڵی گەورەی پەرلەمان لەگەیاندنی دەنگی ناڕەزاییمان.

هونەرمەندانی ناڕازی _ سلێمانی

2006 / 12 / 7

<u>وێنەیەك بۆ:</u>

- نوسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری.